# پشتگوێخستنی بە بیـ
## ئابووری کوردستان هەلـ

**((کوردستان تایبەتمەندی باشی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ هەیە، بگرە لەداهاتوویەکی نزیکدا دەکرێت ئەم هەرێمە ببێتە خاوەنی گەورەترین ناردەنی لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان. کشتوکاڵ وپیشەسازییە کشتوکاڵییەکان دوو هۆکاری ستراتیژی پێشکەوتن و، کلیلی ستراتیژی پەرەپێدانن لەهەرێمەکەدا..))**
**پرۆفیسۆر گاریس ستانسفیلڵد**

### کشتوکاڵ پێویستی بەپاڵپشتی حکومەت و بەعەقڵی وەبەرهێنەر هەیە

لەچەند ساڵی رابردوو ئابووری کوردستان هەلی زێڕینی لەدەست دا، بەوەی دەکرا کشتوکاڵ و بزنسی کشتوکاڵ ببێتە کلیلی ستراتیژی پێشکەوتنی هەرێمەکە، بەرنامەو پلانە ستراتیژییەکانیش لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرایە، نەك تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزو قسەی ناو کۆنفرانس و لێدوانی کەناڵەکانی راگەیاندن بووایە، ئەوەتا دوای تەرخانکردنی سەدان هەزار دۆلار بۆ کەرتی کشتوکاڵ و دانانی پلانە ستراتیژییەکەی کەرتی کشتوکاڵ کە لە کابینەی پێنجی حکومەت دارێژراو ساڵێك بەسەریدا تێپەڕ بووە، کەچی تاکو ئێستانزیکەی لە ٩٠٪ی بەرهەمی کشتوکاڵی و میوەو سەوزەو دانەوێڵەو کەرەستەی خۆراکی لەبازاڕە نێوخۆییەکانی هەرێم دا لەوڵاتانی دراوسێ و بیانییەوە دەهێنرێت، لەکاتێکدا کشتوکاڵ بەبڕبڕەی پشتی ئابووری هەرێمەکە دادەنرێت ئەو هەرێمەی بەسەبەتەی خۆراکی عێراق ناسراوە، کەچی ئێستا بەرووبوومی تێدا لاوازو کەمە، لەبەعقووبەو سەماوە کشتوکاڵ زیاترە لە دەشتی هەولێرو ناوچەی سۆران، لەپردێ ئەو هەموو کشتوکاڵە دەکرێت، بەڵام لەقوشتەبەو ناحییەی خەبات بەوشێوەیە نییە، بەرهەمی حەویجە لەبەرهەمی کشتوکاڵی کفری باشترە لەکاتێکدا زەوی کفری دەوڵەمەندترو باشترە، کوردستان خاوەنی باشترین خاك و ئاووهەوایە، کەچی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی میوەجات و سەوزەو خۆراك پشت بە وڵاتانی دەوروبەرو دواکەوتوو دەبەستێت.

کاتێك گاریس ستانسفیلڵد پرۆفیسۆر لەزانکۆی ئیکستەر لەئینگلتەراو دانەری کتێبی «کوردستانی عێراق پێشکەوتنی سیاسی و دەرکەوتنی دیموکراسی (٢٠٠٣)»یە باس لەکەرتی کشتوکاڵی کوردستان دەکات و پێشینی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی لەم هەرێمە کردووە، ناوبراو لە وتارێکیدا کەلە ماڵپەری گوڵان، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و بڵاوکرایەوە درکی بەو راستییە کردووە، کە ((هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی باشی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی هەیە، بگرە هەرێمەکە دەکرێت ببێتە خاوەنی گەورەترین ناردەنی لەسەر ئاستی هەرێم و جیهانیش..))، ئەو پرۆفیسۆرە بیانییە پێشینی ئەوە دەکات:((لەماوەیەکی نزیکدا هەرێمەکە بەرەوپێشچوونێکی باشی کشتوکاڵی بەخۆوە دەبینێ..))، بوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ بوژانەوەی کەرتەکە ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کشتوکاڵ لەهەرێمەکەدا توانای دروستکردنی داهاتی هەیە، هەروەها لەکوردستان بە تایبەت ئەو بەشانەی کەبەئاوی رووبارە گەورەکان ئاو دەدرێت وەك زێی گەورەو زێی بچووك و ڕووباری سیروان و هەموو لقەکانیان بە دارستانی دارتوو، گوێز، بەڕوو، سنەوبەر بەناوبانگن کە ئومێدی بەرهەمهێنانی تەختەداری زۆریان لێ چاوەڕێ دەکرێ..))، ئەو شارەزایە لەو روانگەیەوە بۆچوونەکانی دارێشتووە کە ناکرێت هەرێمێك خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە باشەی خاك و ئاووهەواو سروشتە رەنگینە بێت کەچی لەکەرتی کشتوکاڵ دا پێش نەکەوێت؟ بۆیە پێشبینیەکانی لەسەر بنەمای زانستی دارشتووەو پێی وایە گەر سیاسەتی عەقڵانی و راست و دروست بگیرێتە بەر ئەوا

**لەچەند ساڵی رابردوو ئابووری کوردستان هەلی زێڕینی لەدەست دا، بەوەی دەکرا کشتوکاڵ و بزنسی کشتوکاڵ ببێتە کلیلی ستراتیژی پێشکەوتنی هەرێمەکە**



**پۆلێنی کێشەی کەرتی کشتوکاڵ:**

- بەرووبوومی رووەکی.
- بەرووبوومی ئاژەڵی .
- ئاودێری و بەنداوەکان .

# ــــزنسكردنی كــشتوكاڵ

## ــــی زێڕینی لـەدەست دا

هیچ كێشـەیەك رووبەرووی بوژانەوەی كەرتی كشتوكاڵی كوردستان نابێتەوە. راستە پرۆژەكانی پەلـەوەر بەراورد بەسـاڵی ١٩٩٦ كە تەنیا ٢٦ پـرۆژەی پەلەوەری هەبووەو توانای ٢٠٠ هەزار مریشـكی بەرهەمهێناوەو ئێستا ٤٠٠ پرۆژەی پەلەوەر بەتوانای ٤ ملیۆن مریشك بوونی هەیە، بەڵام ئەم توانایە چەسـپاو نییـەو لێرەو لەوێ پرۆژەكانی پەلەوەر دووچاری شكسـت و زیان دەبنەوە، بەبەردەوامیش خاوەن پرۆژەكانی پەلەوەر ئەگەری ئیفلاسـبوون و داخستنی پرۆژەكانیان لەكەناڵەكانـی راگەیاندن بڵاودەكەنەوە، ئەمەش بەهۆی هاتنی بەلێشـاوی مریشكی وڵاتانی بیانییەوە كە ئەو وڵاتانـە لەرووی چەندایەتی و نرخەوە توانای كێبركێی مریشكی خۆماڵییان هەیـە، سـەبارەت بەپرۆژەكانـی ئاژەڵداریش بەهەمانشـێوە چەند ئەزموونێكی بچووك هەیە بۆ بەخێوكردنـی مانگای شـیردەر بەڵام ئەم ئەزموونە تەشەنەی نەكردووەو لەبازنەی داخراوی شـوانكاری تێپەڕ نەبووە،

**دكتۆر رەفعەت ئەحمەد شارەزا لەبواری سامانی ئاژەڵییەوە** پێی وایە پێش ٢ دەیە سامانی ئاژەڵ لەعێراقدا لەئاسـتێكی باشترو فراوانتر بووە، بۆ نموونە ئەو كات عێراق خاوەنی ١٤ملیۆن سـەر مەڕ بووەو ئێستا دابەزیوەتە سەر ٧ ملیۆن سەر مەڕ، ئەم حاڵەتە بەنسـبەت كوردستانیشـەوە بەهەمانشێوەیە.

سەبارەت بەهۆكاری ئەم پاشەكشەیە لە پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی بۆ چەندین هۆكار دەگەڕێتەوە لەوانـە بەردەوامبوونـی شـەڕو وێرانبوونـی گونـدەكان و ناوچـە سـنوورییەكانی عێراق بەرادەیەك تەنیا لەهەرێمی كوردسـتان زیاتر لە (٤٠٠٠)هەزار گوند وێرانكراو دانیشتوانەكانی یا جینۆسـای كران یا راگوازرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەكان، كێشەكەش لەم دواییەدا ئاڵۆزتر بـوو كاتێك كۆچكردووەكان لەشـارەكاندا بوونە خاوەنی كارو مومكیـن نەبوو لەگەڵ راهاتنی خۆشگوزەرانییەكانی شـار جارێكی دی وا بە ئاسـانی رووبكەنەوە گوندەكانیـان، لەلایەكی دیكەوە كۆمەڵێك بازرگان و قاچاخچـی سـەر سـنوور دەسـتیان لە ئاودیوكردنی سـامانی ئاژەڵـی هەبـوو بێ ئەوەی بكەونە بەردەم لێپرسینەوەوە . ناكرێت لەناوچەكەدا خاوەنی گەورەترین دەشت و شارەكان كشـتوكاڵی بین كە ئەویش دەشتی شارەزوورە، كەچی میوەو سەوزە لە دەرەوەی وڵات بهێنرێتە كوردسـتان، تۆ بڵێی لە ٤ ملیۆن هێكتار زەوی كشتوكاڵی لەهەرێمی كوردستان تەنیا چاوەڕێی ئەو بەرهەمـە كەمەی لێبكرێـت؟ لەلایەكی دیكەوە رێژەی بارانبارینـی هەرێمەكە لە زۆر ناوچەی كیشـوەری ئەوروپـاوە نزیكە، رەنگە رێژەی بارانبارین كەمێـك كەمتر بێت، كەچی لەوێ رێژەی بەرهەمهێنانی كشـتوكاڵی بەرزەو لێرە بەشی كەمترین پێداویستی نێوخۆ ناكات!

**سەبەتەی خۆراكی عێراق بەرووبوومی تێدا نەماوە**

شارو شارۆچكەكانی كوردسـتان بەبازاڕێكی باشـی میوەجات و ماسـی و پەلەوەرو ئاژەڵی دادەنرێت، بەو پێیەی ٣ لەسەر ٤ی دانیشتووانی كوردسـتان لەشـارەكان دەژین و بەرزبوونەوەی خواسـت لەسـەر بەرووبوومەكانی كشتوكاڵ و پەلەوەرو گۆشت و سەوزەو میوە لەهەڵكشانێكی بەردەوامدایە، هاوكات كەرتی كشتوكاڵ هەلێكی باشی بەدەستهێنانی كارو دابینكردنی بژێوی ژیان بووە، ئەوەتا لەساڵی ١٩٧٠ لە٥٠٪ی دانیشتووانی كوردستان بەكشـتوكاڵەوە خەریك بوون و زەوییە كشتوكاڵییەكانی كوردستان لەساڵی ١٩٨٠ زیاتر لە ٤٥٪ی بەرهەمی گەنم و جۆی عێراقی لێ بەرهەم دەهات، ئێستاكە لەئاكامی بەلێشاو

**دوای دانانی پلانە ستراتیژییەكەی كەرتی كشتوكاڵ كە لە كابینەی پێنجی حكومەت دارێژراو ساڵێك بەسەریدا تێپەڕ بووە، كەچی تاكو ئێستا لە٩٠٪ی بەرهەمی كشتوكاڵی و میوەو سەوزەو لەوڵاتانی دراوسێ و بیانییەوە دەهێنرێت**





**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەکرەم ئیسماعیل لەزانکۆی سەلاحەدین پسپۆرو شارەزا لەبواری خاك و ئاو:**

# ساڵی ٣٠ ملیار مەتر سێ جا ئاوی هەرێم بە فیڕۆ دەچێت بێ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت بۆ کشتوکاڵ



**دکتۆر رەفعەت ئەحمەد شارەزا لەبواری سامانی ئاژەڵ :**

# پێویستە لەکەرتی کشتوکاڵی کوردستاندا رووبکەینە هاندانی وەبەرهێنان

دامەزراندن و زیادبوونی ژمارەی مووچەخۆران بۆ نزیکەی ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار مووچەخۆر ئەم رێژەیە زۆر کەمتر بۆتەوە، حکومەت لە بری ئەوەی دامەزراندن زیاد بکات و ئەوەندەی تر رووبەرووی هەڵئاوسانی فەرمانبەران بێتەوە، پێویستە بیر لەوە بکاتەوە لە رێگای کۆمپانیای وەبەرهێنانی گەورەوە کارگەی پیشەسازی خۆراکی لە ناوچەکانی دەرەوەی شار دابنێت، بەتایبەت لەکاتێکدا پێشبینی ئەوە دەکرێت راکێشانی گەورە کۆمپانیاکانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و چۆنییەتی گۆڕینی عەقڵییەت و گەیشتن بە قۆناغی پیشەسازی کشتوکاڵی لە گرنگترین ئەو تەحەدییانە بێت کەلەچەند ساڵی داهاتوو رووبەڕوومان دەبێتەوە.

سەبارەت بەگرنگی خاکی کوردستان بوونی ژینگەیەکی باشی بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی، **پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەکرەم ئیسماعیل لەزانکۆی سەلاحەدین پسپۆڕو شارەزا لەبواری خاك و ئاو پێی وابوو:**

ئەو بەرهەمەی ئێستا لەهەرێمی کوردستان لەبواری کشتوکاڵی بەدەست دەهێنرێت رێژەیەکی یەکجار کەمە گەر بەراورد بکرێت بەخاك و ئاووهەوای کوردستان، چ لەبواری رووبەری خاکی کشتوکاڵییەوە بێت یاخود لەبواری بوونی ژینگەی لەبارەوە بێت، ئەمڕۆ لەجیهاندا لە١١٪ی زەوی و خاکی کشتوکاڵی گیروگرفتی هەیە بەڵام زەوی و خاکی کوردستان ئەم گیروگرفتانەی کەمە، لەگەڵ ئەمەش دا بەرهەمەکانی کشتوکاڵ لە کوردستان زۆر کەمە، بۆ نموونە زەویمان هەیە ٣٠٠ هەزار دۆنمە وەك دەشتی شارەزوورو هەولێرو شەمامك کەچی بەرهەمەکەی بەشی پێداویستی جوتیارەکانیش ناکات و جۆراوجۆری کشتوکاڵیشی تێدا نییە، لەکاتێکدا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەشتێك هەیە ناوی ئەلمایا هەمان رووبەری هەیە کەچی بەرهەمەکەی ساڵانە بەبەهای ٨ ملیار دۆلارە، لە ئوردن رووبەری زەوییەکی کشتوکاڵییان هەیە پێی دەڵێن فۆری ئوردن رووبەرەکەی تۆزێك لەدەشتی شەمامك زیاترە ساڵانە ٢ ملیار دۆلار بەهای بەرهەمە کشتوکاڵییەکانێتی، بێگومان هۆکاری ئەم لاوازییە لەکەرتی کشتوکاڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەکۆنەوە بایەخ بەم کەرتە نەدراوە، ساڵی ٣٠ ملیار مەتر سێ جا لەرووبارەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەرەو ناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق دەڕوات بێ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی، ئەمە جگە لەوەی لەبواری تەکنەلۆژیادا هیچ سوود وەرنەگیراوە بۆ بەرزکردنەوەی توانای کەرتی کشتوکاڵی .

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەکرەم ئیسماعیل سەبارەت** بەچۆنیەتی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی چەند پێشنیارێکی خستەروو کە گرنگترینیان بریتی بوو لە: پیادەکردن و جێبەجێکردنی خێرای پلانە ستراتیژییەکەی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دایڕشتووە، پێویستە ئەم پلانەش بەردەوام بێت و گوێ بەگۆڕینی کابینەکە نەکرێت واتە بەردەوامی هەبێت، ئەرکی سەرشانی حکومەتە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانەکە بکات، گەر توانای دارایی حکومەت کەم بوو پێویستە لەڕێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە هانی هاتنی گەورە کۆمپانیاکانی بواری کشتوکاڵی بدرێت، چونکە بەهاتنی ئەو کۆمپانیانەو پێشخستنی وەبەرهێنانی بیانی لەبواری گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵی سەرەتای رێگا دەبێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی .

### چارەسەرکردنی کێشەکە پێویستی بەنوێخوازی لە عەقڵییەت و شێوازی کار هەیە

مێژووی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و راگواستنی دانیشتوانەکانی لەلایەن رژێمی بەعسەوە زیانی گەورەی گەیاندە کەرتەکە، دواتر بەهەڵە بەڕێوەبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێنانی بەلێشاوی خۆراك و کەرەستەی پێویست لەدەرەوەی وڵات ئەوەندەی تر زیانی گەیاندە کشتوکاڵ، ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتووان زیادبووەو پێداویستییەکانیشیان روولەزیادبوونە، بەڵام

لەبەعقووبەوە سەماوە کشتوکاڵ زیاترە لە دەشتی هەولێرو ناوچەی سۆران، لەپردێ ئەو هەموو کشتوکاڵە دەکرێت، بەڵام لەقوشتەبەوە ناحییەی خەبات بەوشێوەیە نییە

خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەڕ ئەگەری ئیفلاسبوون و داخستنی پرۆژەکانیان لەکەناڵەکانی راگەیاندن بڵاودەکەنەوە، ئەمەش بەهۆی هاتنی بەلێشاوی مریشکی وڵاتانی بیانییەوە



**پرۆفیسۆر دکتور قاسم عومەر شارەزا لەبواری کشتوکاڵ خاوەنی دکتۆرا لە زانکۆی نیو ساوویلس لە ئوسترالیا:**

# چی تر زەوی کشتوکاڵی بەسەر سەرمایەدارو کەسانێکدا دابەش نەکرێت، کەتواناو شارەزاییان لەبەبزنسکردنی کشتوکاڵ نییە

کشتوکاڵ لەبازنەیەکی داخراوی لاوازی و دواکەوتوویی دەربازی نەبووە، لەم ڕوانگەیەوە چارەسەرکردنی کێشەکە پێویستی بەهەنگاوی نوێی وا هەیە، نوێخوازی لە عەقڵییەت و شێوازی کاری لێبکەوێتەوە، پێویستە خۆمان لە هۆکاری کەوتنەوەی کێشەکەو هەڵەکان نەدزینەوە، کاتی ئەوەهاتووە هەموو سەرچاوەکان بخەینەکار لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و گەیشتن بەئاستی کێبرکێکردنی بەرهەمی بیانی، تاوەکو کشتوکاڵ نەکرێتە بیزنس و شێوازی بەرهەمهێنانی نوێ پیادە نەکرێت، ناکرێت کۆنترۆڵی بەرهەم و بازاڕ بکرێت و پەیوەندی نێوان (بەرهەم و بازاڕ)ڕێك ناخرێت .لەلایەکی دیکەوە گرنگیدان بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، لەکاتێکدا لەوڵاتانی پێشکەوتووی جیهان باشترین تەکنەلۆژیاو ئامێر بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێت، هەندێك زانیاری ئەم ڕێژەیەی لە کوردستان بۆ ١٪ دادەنێت .

**پرۆفیسۆر دکتور قاسم عومەر شارەزا لەبواری کشتوکاڵ خاوەنی دکتۆرا لە زانکۆی ئوسترالیا ئەو بۆچوونانەی رەتکردەوە کە دەڵێت:** پارەو بودجە بۆ ئەم کەرتە تەرخان نەکراوە، ئەو پێی وایە ساڵی رابردوو بودجەیەکی باش بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ خەرج کرا، بەڵام دوو پرۆژەی ستراتیژی و گەورەی لێ دروست نەکرا، ئەنجامدانی پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاودێری و پیشەسازی کشتوکاڵی هاندەر دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی ئارەزوومەندانەی گوندنشینەکان بۆ گوندەکانیان، چونکە مرۆڤ بەدوای کارو خۆبژێوی و خۆشگوزەرانی دەگەڕێت و ئەمەش مافێکی سروشتی و ئاسایی خۆیەتی. مەرج نییە داتاو ئامارمان لەبەردەستدا بێت تاوەکو بزانین کەرتی کشتوکاڵ دواکەوتووە، ئەوەتا لە ٩٠٪ی بەرووبووم و کەرەستە کشتوکاڵییەکان لە دەرەوەی وڵات دێت، بۆیە ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵە سوود لەهەموو ئەو پێشنیارو بیروبۆچوونانە وەربگرێت کە لەکۆنفرانس و کۆنگرەکاندا لەلای گەڵاڵە بووە. بەتایبەت ئەو پێشنیارانەی کە ڕێگا چارەسەرن بۆ



**دکتۆر عەفان عوسمان پسپۆرو شارەزا لەبواری بەئامێرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی :**

# ئەزموونی کوردستان لەبەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی زۆر لاوازو هەژارە

هەڵگرتنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم کەرتی کشتوکاڵ، پێم وایە بوونی ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ هۆکارێکی سەرەکی دارمان و لاوازی کەرتەکەیە بەو پێیەی خاوەنی پلانێکی ستراتیژی کشتوکاڵییەو پارەیەکی باشی لەبەردەستدا بووە بەتایبەتی لەساڵی رابردوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی بوارە جۆراو جۆرەکان، ئەرکی سەرشانی ئەو وەزارەتەیە چی تر ڕێگا بەفراوانبوون و گەورە بوونی ئاسۆیی شارەکان بەبێ بەرنامە نەدات، چونکە بەناوی ماستەر پلانەوە زەوی کشتوکاڵی لە دەوروبەری شارەکان نەماوەو بەمەش زیانێکی گەورە بەر دەشتە بەپیتەکان کەوتووە. من ناڵێم وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ کاری نەکردووە بەڵام لەڕووی ستراتیژی و هۆشیارییەوە هەنگاوی گەورەو پراکتیکی نییە. لەکۆتایی قسەکانیدا **پرۆفیسۆر دکتور قاسم عومەر پێی وایە گەندەڵی زیانی گەورەی گەیاندۆتە کەرتی کوشتوکاڵ لەمبارەیەوە دەڵێت:** پێویستە پارتە سیاسییەکان دەستێوەردانیان بۆ ناو کاروباری کشتوکاڵی و دەستبەسەراگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان نەگرن و چی دیکەی زەوی کشتوکاڵی بەسەر سەرمایەدارو بەرپرسانێکدا دابەش نەکرێت، کەتواناو شارەزاییان لەبەبزنسکردنی کشتوکاڵ نییە، ئەمە جۆرێکە لە گەندەڵی کە دەبێتە هۆی نەمانی ئینتمای نیشتمانی بۆ خاك و نەتەوە، کە بەهۆی نەبوونی متمانە بەدەسەڵات و تەشەنەکردنی گەندەڵییە کاریگەری خراپی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ بەهاوشێوەی کەرتەکانی دیکەی لێکەوتۆتەوە.

- ناوچەکشتوکاڵییەکان باشترین شوێنە بۆ کردنەوەی کارگە و کەمکردنەوەی تێچوونی گواستنەوەی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان، کاتی ئەوەهاتووە نەك تەنیا کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر بەگەڕبخرێتەوە، بەڵکو لەڕێگای هاندانی کەرتی تایبەتەوە دەیان کارگەی دیکەی لەمشێوەیە لەناوچە کشتوکاڵییەکان دامەزرێت

**ڕێژەی بارانبارینی هەرێمەکە لە زۆر ناوچەی کیشوەری ئەورووپاوە نزیکە، رەنگە ڕێژەی بارانبارین کەمێك کەمتر بێت، کەچی لەوێ ڕێژەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەرزەو لێرە بەشی کەمترین پێداویستی نێوخۆ ناکات**

**لەساڵی ١٩٧٠ لە٥٠٪ی دانیشتووانی کوردستان بەکشتوکاڵەوە خەریك بوون و زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٠ زیاتر لە ٤٥٪ی بەرهەمی گەنم و جۆی عێراقی لێ بەرهەم دەهات**

- خەڵکــی فێربوون لە شــارەکاندا نیشــتەجێبوون و دووچاری گرانی و هەڵاوســانی نرخەکان بوون، تەنانەت بــە موچەیەکی کەم دامەزراون، لە کاتێکدا کەمێك خۆیان ماندوو بکەن و ســەرقاڵی پیشەی کشتوکاڵی بن زۆر ســودمەند تر دەبــن. حکومەت کەموکورتی هەیــە، بەڵام تۆ بڵێی ئەو گەلانەی ئەمڕۆ لە پێشــەنگی وڵاتانی دەوڵەمەندو بەرهەمهێنانەوە دێن تەنیــا چاوەڕوانی حکومەتەکانیان بوون، زۆرجار هەموو هۆکارەکانی نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی بۆ وێرانبوونی گوندەکان دەگەڕێنینەوە، بەڵام نابێت خۆمان لەو راســتییە بدزینەوە کە لــە نێوان ١٩٩١-٢٠٠٠ تەنیا لە پارێــزگای هەولێر ٩٥٦ دێ نۆژەنکرایەوە، لە ســلێمانی ٤٠٠ کێڵگەی بەخێوکردنی مریشك هەیە

- هاندان و بەپیرۆزکردنی کار لەکشتوکاڵ بەدۆزینەوەی بازاڕو گەڕانەوەی بەهاو قازانج دەبێت، ئەرکی حکومەتە قەرز بەبێ ســوود بەجوتیاران بدات و ئاســانکاری بۆ وەبەرهێنانی کۆمپانیاکان بکات، هەروەکو چۆن ئەرکی جوتیارو گوندنشــینە رووبکاتە(باش بەکارهێنانی زەوی کشــتوکاڵی و، لەو شــێوازە تەقلیدییــە دەربازی بێت و رووبکاتــە بەکارهێنانی ئامێری کشــتوکاڵی پێشکەوتوو، گەڕان بەدوای چۆنییەتی پێشخستنی بەرهەم و فێری کێبرکێکردنی بەرووبوومە بیانییەکان بێت) . **دکتۆر رەفعەت ئەحمەد شارەزا لەبواری سامانی ئاژەڵی لەمبارەیەوە دەڵێت:**( پاڵپشتی و هاوکاری حکومەت بــۆ دامەزرانی پرۆژەو کاری وەبەرهێنانــی گەورە بەکارێکی ئیجابــی و گرنگ دادەنرێت، ناکرێت کەرتی کشــتوکاڵ تەنیا لە١٠٪ی بودجەی پێویســتی بــۆ دابین بکرێت، گەر حکومەت پارەی پێویســتی نییە بۆ گەشــەکردنی کەرتەکە ئەوا پێویســتە رووبکاتە پرۆژەی گەورەو پیادەکردنی سیاسەتی پاڵپشتیکردن و پاراستنی سامانی ئاژەڵی بەدانانی باج و رســوماتی زیادە لەســەر هاتنی ئاژەڵ و کۆشتی پەلەوەرو مەڕو و مانگا. **دکتۆر عەفان عوســمان پسپۆرو شــارەزا لەبواری بەئامێرکردنی بەرهەمی کشــتوکاڵی** پێی وایە بێ پێشکەشکردنی ئاسانکاری یارمەتی لەلایــەن حکومەتەوە بۆ ســەرکەوتنی پرۆژەکانی پەلــەوەری مومکین نییە ئەم هەوڵانە ســەرکەوتن تۆمار بکەن، چونکە بەشــێوەیەکی گشتی گەربێتو کەرتی کشــتوکاڵی یارمەتی و پاڵپشــتی حکومەتی لەگەڵدا نەبێت ســەرکەوتن بەدەســت ناهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش جێی خۆیەتی چی تر جوتیارو وەبەرهێن و وەزارەتی کشتوکاڵ خۆی دوورە پەرێز نەکرێت لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو ئامێری پێشــکەوتوو، ئەزموونی کوردســتان لەبەکارهێنانــی ئامێری پێشــکەوتووی کشــتوکاڵی زۆر لاوازو هەژارە، لەکۆتایی ســاڵانی نەوەدەکان لەلایەن رێکخراوی فــاوە وە چەند ئامێرو کەرەستەیەکی کشتوکاڵی هەبوو، بەڵام لەئاکامی نەبوونی خولی مەشق و راهێنــان و چۆنیەتی خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە زۆریان لەکارکەوتن لەپرۆســەی ئابووری و کەرتی کشــتوکاڵی دەرهێنران. پێمباشە وەزارەتی کشــتوکاڵ میکانیزمێك دابنێت بــۆ کڕینی بەرهەمەکانــی ئاژەڵداری و کشــتوکاڵی کە لەلایــەن جوتیارو وەبەرهێنەرانــەوە بەرهەم دەهێنرێت و دواتر بەشێوەیەکی زانستی سوودی لێوەربگیرێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی کشــتوکاڵی، لەم رووەوە من ئەزموونی وڵاتی سلۆڤاکیا بەرز دەنرخێنــم لەوێ کۆمپانیا گەورەکانی وەبەرهێنان رۆڵی ئیجابی و بەرزیان هەیە لەپێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جوتیارو بیزنسکارانی کشتوکاڵ.

- لەکۆتاییــدا **دکتــۆر عەفــان عوســمان گووتی:** پاراســتنی زەوییە کشــتوکاڵییەکان و ڕێگا نەدان بەگۆڕینی بەزەوی نیشــتەجێبوون خاڵی سەرەکی پێشکەوتنی کشتوکاڵە، پێویستە زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون و بازرگانی بێ بەرهەم نەفەوتێنرێت و هانی زیاتری پرۆژەی کشتوکاڵی بدرێت و، شارەکان بەشێوەی ستوونی فراوان بێت.



**پێشبینی ئەوە دەکرێت راکێشانی گەورە کۆمپانیاکانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و چۆنییەتی گۆڕینی عەقڵییەت و گەیشتن بە قۆناغی پیشەسازی کشتوکاڵی لە گرنگترین ئەو تەحەدییانە بێت کەلەچەند ساڵی داهاتوو رووبەڕوومان دەبێتەوە**

**تاوەکو کشتوکاڵ نەکرێتە بیزنس و شێوازی بەرهەمهێنانی نوێ پیادە نەکرێت، ناکرێت کۆنترۆڵی بەرهەم و بازاڕ بکرێت و پەیوەندی نێوان (بەرهەم و بازاڕ)ڕێک ناخرێت**



لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com